سلەمانی.. تەقە لە ڕۆژنامەنوس هەمن مامەند کرا

ئەوارەی ئەمە سەشممە لەسلەمانی تەقە لەڕۆژنامەنووس هەمن مامەند کراوەو بریندارە و ڕەوانەی نەخۆشخانەی شار کرا.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست ئاژانسی (موتەبع) کەوتووە :- لە گەڕەکی عەقاری شاری سلەمانی، تەقە لە هەمن مامەند، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی کراوە و گوازراوەتەوە بە نەخۆشخانەی شار.

زانیاریە سەرەتاییەکان ئاماژەبەوەدەکەن :دوو کەس لەسەر ماتەرسکیلەوە تەقەیان لە هەمن مامەند کردووە و هەڵاتوون.

لایخۆشیەو سەنتەری میترە هەواڵەکە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "هەرشکرایە سەر ڕۆژنامەنوس هەمن مامەند بریندارەو ئێستا لە نەخۆشخانەی شارە".